# عه بدوڵا پەشێو...ئەو گڕە چۆن کپ دەکرێ ؟!

هەتا کورد ژێر دەستەو داگیرکراو بێت...هەتا کورد دەستە دەستە ، پۆڵ پۆڵ شەهید بکاتە خۆراکی ئەو خاک و خۆڵەی ناوی کوردستانە...ئەوا دەنگی شاعیری کوردستان پەشێو کپ نابێ . کاتێک لەکۆڕەکەی هەولێری پایەتەخت هاواری لێ هەستا و گوتی: (هەردەم ڕووم لەئێوەیە و پشتم لە دەسەڵات). ئەو دەسەڵاتە گەندەڵ و دزە زانیی پەشێو هەرزانفرۆش نییە و دەستەمۆ ناکرێ و لەشیرِاتۆن و سلێمانی پەلاس، لەحیسابی هەژاران، نالەوەڕێ ئەوا بریارِیان دا ، تا پێیان بکرێ لەتاریکیدا بیهێڵنەوەو دەرگای ئازادیی بلاوکردنەوەی لەسەر داخەن. هەرسێ کەناڵی تەلەفیزۆن نەوێران هەواڵی ئەو کۆڕە شیعرانەبلاو بکەنەوە.

هەتا ئێستا کۆڕی شیعری ئاوا پڕ خەڵک و قەڵەباڵغ لە پایتەخت و شارەکانی تری کوردستان نەکراوە، کەچی بەرنامەکانی رۆشەنبیریی ئەو کەناڵانە کوێر بوون و کەسیان نەوێران بە دوو دێڕ هەواڵی ئەو کەرنەڤالانە بلاوبکەنەوە... پێش ماوەیەک هەندێک ماڵپەڕی ئینتەرنێت بەدەنگ شیعرەکانی پەشێویان بلاوکردەوە ، ئەو کاتە نەمبینی خەڵک چۆن پێشوازییان لە پەشێو و شیعرەکانی کردووە ، بەلام ئێستا، کە کۆڕەشیعرییەکانی لەسەر سی دی تۆمار کراوەو بە دەنگ و وێنە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان بلاو دەکرێنەوە ، ڕادەی ڕاستگۆیی ئەو کەناڵانەئاشکرا دەبێ.پرسیار ئەوەیە: چۆن هەوای ئازادی و دیموکراتی ئەو دوو هەرێمە کەناڵی تەلەفیزۆنی نەگرتەوەئەو کۆڕانەیان نیشانی نەدا؟ ئەمەلەکاتێکدا، ئەو کەناڵانە کۆڕی هەژدە و بیستودوو کەسی نیشانی خەڵکی دەدەن و کۆبونەوەی چەند کەسیی مەڵبەند و کۆمەڵە و رێکخراوەکان دەکەنە هەواڵی پاش کار و جموجۆڵی سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی سلێمانی و حکومەتی هەولێر...

گەلۆ دەبێ ژۆڕنالیستی پیشەی پیسەدەسەڵات بێت ، یا قوڕبەسەری و بێبەختی ئەو میللەتە بەستەزمانە بێت کەکەس کاری خۆی ناکا؟...

بۆ ڕاستیی قسەکانم فەرموون سەیری وێنەکانی کۆڕی کەرکوک ...هەولێر...زانکۆی سەلاحەددین ... سلێمانی ...کەلار...سۆران و هی تر بکەن.

فــەهــد گــردەوانــی 8/3/2006 ستۆکهۆڵم